# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٥ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێل: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:
پەسەندکردن:

# پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە ناکوردییەکانی شاری هەولێر قوتابخانەی "سریانی و تورکمانی" بە نموونە

گەشاو معتصم طاهر شریف
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
Gashaw.m.tahir@gmail.com

پ.ی.د. ئازاد عزیز سلیمان
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین
Azad.sleman@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە ناکوردییەکانی پارێزگای هەولێر تورکمانی و سریانی بە نموونە"، هەڵێنجراوی نامەیەکی ماستەری بەشی زمانی کوردییە بە هەمان ناونیشان، کە مەبەستێکە بۆ زانین و بەدواداچوونی پێگەی زمانی کوردی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و زمانی و نەتەوەیی و ئایینییەکان لە پارێزگای هەولێر، لەو قوتابخانانەی کە زمانی کوردی زمانی دووەمە، واتە زمانی زگماک (دایک) زمانی کوردی نییە، چونکە زمانی کوردی پێگەیەکی گەورەی لە شاری هەولێر هەیە. زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە بە پێی بەکارهێنانی تاکەکان دەبێت کە لە کوێ و چۆن پێویستیان پێی دەبێت و ئاستی زانین و تێگەیشتنیان لە چ قۆناغێکدایە، گرنگی و شێواز و ڕەفتاریان تا چ ڕادەیەک تورکمان و ئاشوورییەکان پلانی زمانی کوردییان لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستەبەرکراوە، بە بێ هیچ توانەوەی کەمینەکان و پارێزگاریکردنیان وەکوو کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی. زمانی کوردی لای تورکمان و سریانییەکان زمانی دووەمە، زمانی یەکەم (دایک، زگماک) نییە، ئەم بابەتە لە نێوەندە جیهانییەکان بابەتێکی زیندووە و قسەی لە سەر کراوە، چونکە تێگەیشتن لە کێشە و گرفتی کەمینەکان و دەستنیشانکردنیان دەبێتە دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنیان، ئەمە وا دەکات پەروەردە و زمان زیاتر گەشەکردن بەخۆوە ببینن.

کلیلەوشە: زمانی کوردی، کەمینە، سریانی، تورکمانی، پەروەردە

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە ناکوردییەکانی شاری هەولێر سریانی و تورکمانی بە نموونە"، هەوڵدانێکە بۆ لێوردبوونەوە لە ئاست و پێگەی زمانی کوردی لە نێو پێکهاتە نەتەوەییە کەمینەکان لە پارێزگای هەولێر. هاوکات لەگەڵ گرنگیدان بە زمانی کوردی، پارێزگاری لە زمانی دایکیی هەردوو نەتەوەی ئاشوور و تورکیش کراوە. گرنگیی زمانی کوردی لەو قوتابخانانەی کە زمانی تورکمانی و سریانی زمانی یەکەمە، تا چەند تاک (قوتابی) ئاشنایەتییان لەگەڵ زمانی کوردی لە چ قۆناغێکدایە؟ ئەو دەیتا و زانیارییانەی کە بە پێی دەیتای سەرژمێریی دانیشتووان لە بارەی پێکهاتەکانەوە دەخرێنە ڕوو. هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی مافی زمانی پێکهاتەکان لە هەریەک لە تورکمانی و سریانییەکان، تا چەند زمانی کوردی لە ئاستی بەڕێوەبردنی کار و پیشە و بەکارهێنانیاندایە، ڕێژە و ژمارەیان بە گوێرەی سەرژمێریی دانیشتووان و پلان و سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە مافی زمانی کەمینەکان و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە فێربوونی و زانینی زمانی کوردی کە زمانی هاوبەشی پارێزگای هەولێرە. ڕێبازی "وەسفی شیکاریی ئاماری'' بەکار هێنراوە. توێژینەوەکە لە سنووری زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە، کە لقێکی زانستی زمانی کارەکییە. لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا زاری کرمانجیی ناوەڕاست بەکار هێنراوە، سەرچاوەکان لە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی وەرگیراون، بە بەرنامەی "SPSS''؛ دەیتا و نموونەکان شیکار کراون. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێک هاتووە: لە بەشی یەکەمدا باس لە پێگەی زمانی و پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ، زمان و نەتەوە و مافی زمانی و سیاسەتی زمانی کراوە. لە بەشی دووەمدا باس لە پێکهاتەی هەرێم لە ڕووی نەتەوەیی و زمانی و پەروەردەیی کراوە لە هەریەک کەمینە و پێوەرەکانی لەگەڵ نەتەوە و ئایین لە پارێزگای هەولێر. لە بەشی سێیەمدا باسی قوتابییانی تورکمانەکان و سریانەکان لە قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، دەیتای پێکهاتەکان لە پەروەردەکان و شیکردنەوەی دەیتایەکان ئەنجام دراوە.

### ١. پێگەی زمان

#### ١-١. زاراوەی پێگە

"پێگە" بە واتای بارودۆخ و پلەوپایەی شتێک، یان کەسێک، کاتێک دەخرێتە پاڵ هەر شتێک، یان هەر زاراوەیەک و وشەیەک، دۆخ و پلەی ئەو شتە ڕادەگەیەنێت، بۆیە دەکرێت بوترێت پێگەی زمانی بە واتای دۆخ و پلەی زمان دێت لە دەوروبەری بەکارهاتوو. زاراوەی "پێگە" یاخود "دۆخ'' لە بەرانبەر "status'' یان "position''ی ئینگلیزی بەکار دێت و لە زمانی عەرەبییشدا "الحالة-الهمینة" بۆ "پێگە" بەکار دێت.

بۆ ئەوەی "پێگە"ی زمانی نەتەوەیی لە کەرتی پەروەردەدا بەهێزتر بێت، یان هەر کەرتێکی دیکەدا، ئەرکی لایەنی پەیوەندیدارە کە لە بەرانبەریدا گرنگی بە زمانی نەتەوەیی بدەن زیاتر لە زمانی بێگانە، ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە چاودێریی پرۆگرامەکانی خوێندن بکات لەم ڕووەوە، بە تایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا. بابەتێکی دیکەش بۆ ئەوەی پێگەی زمانی نەتەوەیی بەهێزتر بێت، ئەویش ناچارکردنی هەموانە بە زانینی زمانی نەتەوەیی لە بازاڕی کاردا، بۆ نموونە هەر کەسێک بچێتە بازاڕی

کار لە کوردستاندا، ناچار بکرێت کوردی بزانێت، بەمەش هەم بەهای زمانی کوردی بەرز دەبێتەوە، هەم هەژموونی زمانی بێگانە لە کۆمەڵگای زمانی دایکدا کەم دەبێتەوە (بەرهەمی دەنگی زمانەوانیی کوردی ٢٠٢٤: ١٦٨-١٦٩).

١-٢. پەیوەندیی پێگەی زمانی و پەروەردە

پـــەروەردە پـەیـوەنـدیـیـەکی ڕاسـتـەوخـۆ و کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر پێگەی زمان هەیە، چونکە پەروەردە جێگەی پێگەیاندنی نەوەکانی وڵات و گەشە و پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی زمانی تاکەکانە. لە دوای ژینگەی خێزان؛ یەکەمین ژینگەی فێربوون پـەروەردەیـە، کە قوتابی بە شێوازێکی پـلان بۆ دانـراو بە کۆمەڵێک زانست و زانیاری ئاشنا دەبێت، واتە پەروەردە ناوەندێکی باش یان ژینگەیەکی باشی سیاسەت و پلانی زمانییە. واتە کەرتی پەروەردە دەروازەیەکی گرنگە، تێیدا منداڵ دەچێتە ناو کۆمەڵگاوە و بە شێوەیەکی کارا زمان بەکار دەهێنێت بۆ دۆخەکانی زمان بەو شێوەیەی کە دەیەوێت، واتە بە "پایتەختی زمان" ناسێنراوە و دامـەزراوەیـەکی کۆمەڵایەتی و سیستماتیکییە و بـەرپرسـە لـەگـەڵ دامـەزراوەکـانـی دیـکـەدا. لە پـەروەردەدا دروستیی تاک و پێدانی بەهاکان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک، لەبەر ئەوە قوتابخانە کۆمەڵگەیەکی بچووککراوەیە و گرنگترین کەناڵە، بەو هۆیەوە تاک بە کۆمەڵەوە پەیوەست دەکـات (عـومـەر٢٠٢١: ٦٢). هەر لەبەر ئەم گرنگییەی کە هەیەتی، پێویستە ژینگەیەکی لە پێداویستییەکانی بەرجەستە و نابەرجەستە ژینگەی دڵگیر و چێشتخانە، گۆڕەپانی یاری و پاکوخاوێنی و ڕەنگاوڕەنگیی ژینگەی قوتابخانە... هتد) دەستەبەر بکرێت. سیستمی پـەروەردە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی جەختکردنەوە لـەسـەر شێوازی قسەکردنی ستاندارد و ناوەندێکی گرنگی زمانە. "گای کووک" پێی وایە کە پلاندارێژی زمانی بریتییە لە بڕیاردان لە بارەی پێگەی فەرمیی زمانەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەکوو پـەروەردە و ڕاهێنان. لـەو قوتابخانانەی هەستیارییان بەرانبەر بە زمانێکی دیاریکراو هەیە، واتە توانای دەربڕینیان بەو زمانە دیاری ناکرێت، بەڵکوو بەکارهێنانی ڕێزمانی قسەکەر بە نموونە "زمانی ئینگلیزی" دەکرێتە بنەما بۆ ئاستی زیرەکیی قوتابییان. پــەروەردە لێکەوتەی بـۆ قوتابخانە تایبەتەکان دەبـێت، لـێرەدا مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێگەی زمانی کوردی لە کەرتی پەروەردەدا (عبدالرزاق٢٠٢١: ٨١٤).

١-٣. زمان و کۆمەڵ

پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوە بە شێوەیەک کە هیچ یەکێکیان لەوی دیکەیان جیا ناکرێتەوە، واتە وەک گیان و جەستەی مرۆڤن. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات نە زمان بە بێ کۆمەڵ بوونی هەیە، نە کۆمەڵ بە بێ زمانیش بوونی هەیە. هەروەها "فوئاد مەرعی" لە بارەی پێناسەی زمانەوە دەڵێت: "زمان سیستمێکی هێمایی-سـەربـەخـۆیە لـە نـاو کۆمـەڵدا لـەخـۆوە سـەر هـەڵـدەدات و بۆ مەبەستی لەیەکترگەیشتن لە نێوان تاکەکانیدا بەکار دێت (مـرعـی٢٠٠٢:٧). سەبارەت بە ناساندنی کۆمەڵگە، هەر لەم ڕووەوە کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ژمارەیەک تاکەکەس پێک دێت، بەمەش تاک بـەردی بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگەیە. هەر بۆیە کۆمەڵگە بۆ مانەوەی پشت بە تاک دەبەستێت و بە بێ بوونی تاکەکانی کۆمەڵگەکان دادەڕووخـێـن و نامێنن.

تاک بە کۆمەڵگە کاریگەر دەبێت و کۆمەڵگەش بە تاک کاریگەر دەبێت (mawdoo.com). بەم پێیە تاک ڕۆلی سەرەکی لە ناو کۆمەڵگەدا دەبینێت کە دەتوانێت بە هۆی بیرۆکە و داهێنانەکانی؛ کۆمەڵگە بەرەو گۆران و پێشکەوتن ببات و لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵگە بە شێوە گشتییەکەی کاریگەریی لە سەر تاک دەبێت و بەرەو گۆران و پێشکەوتن دەبات. لێرەدا باسکردنی و ناساندنی کۆمەڵەی زمانی یەکێک دەبێت لە هەنگاوەکان و یەکێکە لە دیارترین چەمکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵ بەوەی کە کۆمەڵ لە کۆمەڵێک تاک پێک دێت، زمان و کولتوور و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە و بەوەی کە بیروبۆچوونەکانیان لە ڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندییەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن (سەمیرە و میراودەلی ٢٠١٠، ١٠٩-١١٠). ئەگەر کۆمەڵگە تەنها بەوە پێناسە بکرێت کە کۆمەڵە کەسێکن کە بە شێوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ڕێک خراوە، کەم تا زۆر هەر یەکە و خاوەن ژیان و کولتوور و فەرهەنگی تایبەتی خۆیانن (موحسنی، مەنوچەهر ، ٢٠٠٢، ٨٤).

## ١-٣-١. کۆزمانەوانی (Sociolinguistics)

وەکوو لقێکی گرنگی زمانەوانیی کارەکی کار دەکات. زمانەوانی بە شێوەیەکی بەتین بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراوەتەوە: بەشێک لە لێکۆڵەرانی زمانەوانی لە ڕێگەی کۆمەڵناسییەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن، ئەو بەشەی زمانەوانی پێی دەوترێت زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. کۆزمانەوانی وەک لقێکی زانستی هەر زوو لە لقەکانی دیکەی زمانەوانی جیا بوویەوە، بە تایبەتی لە دوای ساڵەکانی سییەوە هەندێ لە زمانەوانان ویستیان سنووری زمانەوانی تەسکتر بکەنەوە بۆ ئەوەی وەک پەیڕەوێکی داخراو لە زمان بکۆڵنەوە (مەعرووف، ١٩٨٦: ٦١). لێرەدا دەردەکەوێت ئەم زانستە خاوەن مێژوو و تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەر وا بە بێ بنەما و هەڕەمەکی سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێک لێکۆڵەر و زانا و زمانەوانی بەناوبانگ سەری هەڵداوە و گەشەی بەخۆوە دیوە.

کۆزمانەوانی ئەو زانستەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و زانستێکە تێکەڵاو لە زانستەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی، چونکە هەردووکیان لە کارکردنیاندا کۆمەڵ بە بنەما دادەنێن (حەسەن٢٠١١، ٨٨).

## ١-٣-٣. خێزانەزمانەکانی جیهان

دابەشکردنی زمان بەسەر خێزان و کۆمەڵە زماندا کارێکی ئاسان نییە. تاکوو ئێستا زمانەکان بەسەر چوار کۆمەڵەدا دابەش کراون کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، ئەم دابەشکردنە هەموو یان زۆربەی زمانەکانی جیهان ناگرێتەوە، چونکە ژمارەی میللەت و نەتەوەکانی جیهان زۆر زۆرن و زمانی جیاوازیش دروست دەبێت لەبەر ئەو زۆرییە (شوانی٢٠٠٨: ٥٧). زمانەوانەکان لە سەر بنچینە و بناغەی نزیکایەتیی زمان و بە پێی پەیوەندیی خزمایەتی بەوەی دیاردە و وشەی هاوبەش لە نێوان زمانەکاندا هەیە و هەر لەم ڕووەوە چەند زمانێک بە یەکتر دەبەستێتەوە و کۆمەڵ و خێزانە زمان پێک دەهێنن. پەیوەندیی نێوان زمانەکان تاوەکوو نزیکتر بێت و لە ڕووی بوونی وشەی هاوبەش و وەک یەک و بوونی تایبەتێتی و خەسڵەتی فەرهەنگی پەیوەندیی خزمایەتی بە لەیەکچوون و نزیکایەتیی دابونەریت و کەلەپوور و کولتووری هاوبەشی

نێوانیان، خێزانەزمان و میللەت پێک دێنن، وەک: خێزانەزمانی (هیندی یان سامی، یان بەربەری، یان حامی... هتد). ئەگەریش چۆنیەتیی پەیوەندی و خزمایەتی نزیکایەتییە زمانی و میللەتەکە ڕادەکەی دوورتر بێت کە جۆری یەکەم، کۆمەڵەی زمان و کۆمەڵەی میللەت پێک دەهێنن لە جیاتیی خێزانەزمان، بۆ نموونە: کۆمەڵەزمانی سامی، حامی، یان چینی، تبتی...، ئەمانەش لە ناو خۆیاندا هەر کۆمەڵەیەک لە چەند خێزانەزمان پێک دێت کە لە یەکەوە نزیکن (هەمان سەرچاوە: ١٣).

لە سەر ئەم بنچینەیەش کۆمەڵەزمانەکان دیاری کراون:

١. کۆمەڵەزمانی ئاری: (خێزانی ئێرانی، خێزانی هیندی، خێزانی ئەوروپایی)

٢. کۆمەڵەی سامی-حامی: (سامی، حامی، بەربەری، چادی)

٣. کۆمەڵەی ئۆرالی: (ئۆرالی، ئەلتیکی)

٤. کۆمەڵەی چینی و تبتی – بۆرمی (تبتی، بۆرمی، چینی)

## ١-٤. جۆر و شێوەکانی زمان لە کۆمەڵدا

هەر خێزانێک لە کۆمەڵێکدا دەژی و بە پێی زمانی باو لەو کۆمەڵەدا مامەڵە دەکەن، لەوانەیە ئەو کۆمەڵە تاک زمان بێت، یان جووت زمان، یان فرە زمان بێت.

### ١-٤-١. کۆمەڵی تاک زمان

ئەو زمانەیە کە تەنیا خۆی زمانی میری و نیشتمانییە لە وڵاتدا، وەک: وڵاتی ژاپۆن، سعودیە... ئەم جۆرەش بە هەبوونی کۆمەڵی تاک زمانی لە ڕوانگەی جیهانی، دەبێتە مەبەستێکی دەگمەن و نامۆ لە کۆمەڵدا (هدسون١٩٩٠:٢٥).

### ١-٤-٢. کۆمەڵی جووت زمان

جووت زمانی بەو زمانە دەگوترێت "هەبوونی دوو ئاستی زمان لە یەک ژینگەی زمانیدا" (حجازی١٩٧٣:١٨). واتە لە کۆمەڵی زمانیدا هەبوونی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینی بە شێوەی زۆر یان کەم ڕاستەوخۆ کار لەو تاکە زمانە دەکات، بۆ ڕاییکردنی کارەکان بەکاری دەهێنین و بەو هۆیەشەوە بەرز و نزم لە بەکارهێنانی بەکار دێت لە کۆزمانەوانیدا بە جووتزمانی ناسراوە، بۆ نموونە: "عەرەبە مەسیحییەکان لە بەغدا کاتێک لە نێو خۆیان قسە دەکەن بە دیالێکتێکی مەسیحیی خۆیان قسە دەکەن، بەڵام کە لە ناو کۆمەڵێکی تێکەڵدان لەگەڵ موسوڵمان، ئەوا بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن" (fergusou 1996:11). هەروەها زۆر جار وەکوو ئەو کۆمەڵگایانەی کە دوو نەتەوەی زمان جیاواز؛ کۆمەڵەی جووتزمانی لێدەکەوێت. "محمد نقی" دەڵێت: "جووتزمان واتە زانین و بەکارهێنانی دوو زمانی جیاواز بە شێوەیەک کە کەسەکە بتوانێت هەردوو زمانەکە بەکار بهێنێت بۆ مەبەستی پەیوەندیگرتن."

### ١-٤-٣. کۆمەڵی فرەزمانی

فرەجۆری لە زماندا بابەتێکە سنووری فراوانە، واتە "زاراوەی فرەجۆریی زمانی زاراوەیەکە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا ناسراوە و ئاماژە بە هەر سیستمێکی دەربڕینی زمان لە بەکارهێنانیاندا دەکات، کە بە بارودۆخی جیاواز و جیاوازیی قسەکردنەوە گرێ دراوە" (محەمەد٢٠١٠: ٩). هدسون (R.A.Hudson) دەڵێت فرەجۆریی زمانی بریتییە لە: "کۆمەڵێک شێوەی جیاوازی زمانێک کە لە سەر بنەمای لەیەکچوونی زمانی دابەش بووە، وەک ئینگلیزی و کەنەدی و لەندەن" (Rwardhaugh 2006:25).

١-٥. زمانی هاوبەش (Lingua france)

١-٥-١. پێناسەی زمانی هاوبەش

"لینگوافرانکا زاراوەیەکی لاتینییە، لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بەکار هاتووە) (Crystal2008:282) و "لە زمانەوانیدا زمانی هاوبەش بە لینگوافرانکا دەناسرێت'' (عەلی و عەبدوڵا٢٠١١: ٦٥). "هەندێ جار بە لینگوفرانکا دەگوترێت ئینترلینگوا (Interlingua) و لە زمانی عەرەبییشدا زاراوەی "اللغة المشتركة"ی بۆ بەکار دێت (عبدالتواب١٩٨٥: ١٦٥). دکتۆر وریا عومەر ئەمین دەڵێت: "لە زۆر شوێنی دیکەی ئەم جیهانەدا چەن میللەتێکی جیاواز پێکەوە ئەژین، هەریەکە زمانی خۆی هەیە و پێوەندی لە نێوانیاندا هەیە. یەکێ لەم زمانە ئەبێ بە زمانی هاوبەش، بەو هۆیەوە هەموو لە یەک ئەگەن، ئەم جۆرە زمانە بە لینگووەفرانکە ناو ئەبرێ'' (ئەمین٢٠١١: ٨٠). هەریەکەیان بە پێی بیر و بۆچوون و تێروانینی تایبەتی خۆی پێناسەی زمانی هاوبەشی کردووە. زمانەوان "ئوتویسپرین'' لە پێناسەی زمانی هاوبەشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەو زمانەیە، لە سیفاتە زمانییەکانی هەر هەرێمێکی دیاریکراو ڕزگاری بووە" (ئەیوب ١٩٩٦: ٣٦).

١-٥-٢. هەروەها زمانی کوردی وەک زمانێکی هاوبەش لە شاری هەولێردا

بەو هۆیەی زمانی کوردی پێگەی خۆی لە ڕووی زانستییەوە پەیدا کردووە، خواستی زۆری پەیدا کردووە و توێژینەوەی جۆراوجۆر و کاری جۆراوجۆری پێ ئەنجام دەدرێت. لەبەر ئەو دۆخەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە لە بوونی نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و کولتووری جیاواز، بۆ بەردەوامییان و مانەوەی ڕۆژانەیان لەگەڵ یەکتر، پێویستیان بە زمانێکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەم ڕۆڵەش زمانی کوردی بەر ئەم ڕۆڵە کەوتووە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش، زمانی کوردی شانبەشانی زمانەکانی ناوچەکە و کاریگەریی خۆی نواندووە، کە خەڵکێکی زمان جیاواز ئارەزوو بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکەن (محەمەد٢٠٢٢: ٢٥٣).

١-٦. زمان و نەتەوە

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و نەتەوەدا هەیە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە هەریەکە لە چەمک و پێناسەی زمان و نەتەوە دەکەین: چەمکی نەتەوە: بۆ لێکدانەوەی چەمکی نەتەوە، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد نووسیویەتی: "بریتییە لە ویست و حەزی گرووپێکی مرۆیی، کە لە ڕەگەز، ڕۆشنبیری، زمان... تاد، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ هاوبەشی دەکەن'' (Charlotte Livingstone 2008:439). وشەی نەتەوە وەکوو چەمکێک لای ئینگلیزەکان "Nation'' و لای عەرەبەکان "القوم'' و لای کوردیش "نەتەوە" بەکار دێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی نەتەوە بەستراوەتەوە بە حەز و ویستی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی هاوبەش لە زمان و دابونەریت و ڕەگەز. "ستار شنکۆ'' لە بارەی پێناسەی نەتەوەوە دەڵێت: "نەتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە بە درێژایی مێژوو دروست بوون و جێگیر بوون. بنەماکانی نەتەوەش؛ زمان و خاک و ئابووریی هاوبەش و ژیانی سایکۆلۆژیی هاوبەشن'' (نەبەز١٩٨٤: ٧٦). زمان هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردنە و لە چوارچێوەی کۆمەڵدا کاری پێ دەکرێت. زمان لە چوارچێوەی ژینگە زمانییەکەدا بیرۆکەکان دەردەکات و ئەرکی خۆی لە کۆمەڵێکی دیاریکراو بەجێ دەهێنێت. هەر نەتەوەیەکیش زمانی قەڵای هەیە کە شتەکانی خۆی پێ دەردەبرێت. کوردێک بە کوردی قسە دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگە و تاکەکانی کۆمەڵگاکەی

خۆی بگونجێنێت، بەم شێوەیە هەستی نەتەوایەتی بۆ مانەوەی زمان هۆکارێکی گرنگە. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە هەر لە کۆنەوە بە هۆی داگیرکاری و دراوسێیەتییەوە فشاری زمانەکانی دیکەی لە سەر بووە، لە هەمان کاتیشدا بەشێک بووە لە شۆڕشی نەتەوە دژ بە زمانەکانی دیکە، وەکوو چەکێک دژی داگیرکەران بەکار هێنراوە.

### ١-٦-١. مافی زمانی و سیاسەتی زمانی

بۆ بەیەکەوەگرێدانی ڕابـردوو بە ئێستاوە، دروستـکـردنی پـەیـوەنـدی لـە نـێوان گـرووپـە کولـتـوورییـەکـان، پاراستـنی ئـەو پـەیوەندییە لە داهاتوودا، بۆیە لە پاڵ سیمبولەکانی دیکەی وەکوو نەریت و پیرۆزییەکان و یادەوەرییەکان، زمان لە پاراستنی ئـەو پەیوەندییەدا و کاریگەریی خۆی دەنوێنێت بەشدارە. بە مانایەکی دیکە: زمان هۆکارە بۆ گرێدانی میراتی ڕابـردوو بە ئێستاوە، چونکە بەبێ زمان ئەو میراتە توانای مانەوەی هەیە، کە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە (مستەفا :٢٠٠٨ ٣٥٨). بێگومان پێکهاتەکان لە زۆربـەی کۆمەڵەکانی جیهاندا بوونیان هەیە، بۆ پاراستنیان پێویستیان بە مافی ژیان و پاراستنی کولتور و زمان و ئایین و شارستانیەت و... هتد؛ هەیە. مافی پێکهاتەکان پرسێکی ئاڵۆزە، هەڵگری ڕەهەندی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و یاسایيە. (حامید ٢٠١٧: ٢٩). لە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکاندا هاتووە حکومەت مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ڕێگای یاسا و سیاسەتی کاریـگـەر بـۆ ئـەو تـاکـەی سـەر بـە پێکهاتەکەیە مسۆگەر دەکات، هەروەها مافی بەشداریکردنیان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتە بە خۆیان مسۆگەر دەکات. پێکهاتەکان (کەمینەکان) (Minorities) لە ڕووی زمانەوانییەوە بە پێچەوانەی چەمکی زۆرینە دێت، لە ڕووی زاراوەوە چەند واتایەکی هەیە. لە ئینساکلۆپیدیای بەریتانیا (Encyclopedia Britannica)کەمینە: کۆمەڵێک تاکەکەسن، جیا دەکرێنەوە بە ڕەگەز یان ئایین یان زمان یان نەتەوە، لە تـەواوی تاکەکانی تری ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین. لە ئینساکلۆپیدیای فەرەنسیدا (Larousse) کەمینەکان: ئـەوانـەن کە کاریگەری و هەیمەنەی کەمتریان هەیە لەچاو زۆرینە، چ لە ژمارەیان یاخود دەنگیان (یوحنایاقو٢٠٠٤: ١٢٤-١٢٥). پێکهاتەکان بەو واتایەیە کە لە ڕووی ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و ئایینزا و زمانەوە هەر کەمینەیەک لەگەڵ ئەوەی دیکە جودایە لە نێو ئەو قەوارەیەی تێیدا دەژین. بە پێی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ئەم پێکهاتانە بەشێکن لە کۆمەڵگە، ویستی پاراستنی دابونەریتی ئێتنی و ئایینی و زمانەوانی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی دیکە. لە سەر ئەم بنەمایە چەمکی پێکهاتە واتایەکی دینامیکیی هەیە، واتە ستاتیکی وشک نییە، بەڵکوو لە زۆر قەوارەوە بەرەو گۆڕانکاری دەچێت.

### ١-٦-٢. پرۆژە و یاسای دەستووری عێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا

بە پێی ئەو دەستوورانەی باس کراون، منداڵانی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتە و جۆرەکانی پێکهاتە (ئایینی، نەتەوەیی، ڕۆشنبیری، دەوڵەتی... هتد)، دەتوانن بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن. بەم پێیە لە دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)، لە مادەی (٤)دا هاتووە کە ”هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سـەرجـەم عێراقییەکان پـارێـزراوە لـە فێرکردنی

ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان، وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا مسۆگەر دەکات بە پێی یاسا پەروەردەییەکان یان هەر زمانێکی دیکە لە دەزگای فێرکردنی تایبەتدا (دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥). لە پرۆژەیاسای (٢٠٠٩/٦/٢٤)دا لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، پاڵپشتە بە مادەی (٤)ی دەستووری عێراق و لە مادەی (١٤)ی پرۆژەدەستوورەکەدا هاتووە: "زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە هەرێمی کوردستان، زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لەگەڵ زمانی کوردی و عەرەب، لەو یەکە کارگێڕییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن زۆربەی دانیشتووان پێک دەهێنن، ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت'' (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩).

## ٢. پێکهاتەی پارێزگای هەولێر لە ڕووی نەتەوەیی و زمانی

### ٢-١. پێناسەی کەمینەکان

نەتەوە پەیوەست دەبێت بە "کەمینە"ی ڕامیاری یاخود ڕۆشنبیری، چونکە نەتەوەکان زۆربەی کات هەموویان یاخود بەشێکیان لە زیاتر لە دەوڵەتێک دەژین. "کەمینە" پێناسە دەکرێت بەوەی گرووپێکن پاشکۆن لە ناو گەلێک، کە بە کولتوور و خەسڵەتی نەتەوەیی یاخود زمانەوانی جیا دەکرێنەوە کە ئارەزووی پارێزگاریکردنی دەکەن(حجر١٩٨٢: ١١). لە یەکێک لە بلاوکراوەکانی "کۆمەڵەی نەتەوەکان''دا هاتووە دەربارەی "کەمینە"، بەوەی "زنجیرەیەکن لە کەسانێک، دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگ و ئایین و زمان، جیاوازن لە زۆرینەی گەل لە دەوڵەتەکە" ئەوەش دوو جۆرە دەگرێتەوە:

١. ئەو تاکانەی یاخود گرووپەکانی دەوڵەتی بیانی لە ناو دەوڵەتێک.

٢. تاکەکان، یاخود گرووپەکان لە هەمان دەوڵەتدا.

ڕێکخراوی "کۆمەڵەی نەتەوەکان''یش لە ساڵی (١٩٥٠)دا هەوڵی دا بۆ دیاریکردنی چەمکی کەمینە بەوەی لە بنەڕەتدا "کۆمەڵێکن لە دانیشتووانی نادەسەڵاتدار، خاوەن خەسڵەت و کولتووری ئایینی و نەتەوەیی و زمانەوانیی'' (خولیر٢٠٠٤: ١٩). ساڵی (١٩٩٣) لە لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماژەی بە پێناسەی کەمینەکان داوە بەوەی "کۆمەڵە کەسێکی سەربەخۆن لە چوارچێوەی هەرێمی یان دەوڵەت، کە لە نیوەی کەمتری کۆمەڵەی دانیشتووانی کۆمەڵگە پێک دێنن، خاوەن سروشتی نەتەوەیی هاوبەشن، یاخود ئایینی، یاخود زمانەوانی (هەمان سەرچاوە، ٢٣).

### ٢-٢. پێوەری کەمینەکان

لە ڕێی شیکردنەوە و تێگەیشتن لەو پێناسانەی کە بۆی کراوە، دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی دوو ئاست هەیە بۆ ناساندن و تێگەیشتن لە کەمینەکان (خزر و جەلال :٢٠١٧ ١٧-٨٨).

یەکەم: پەیوەستە بە ماف و یەکسانی و هاوبەشیکردن لە تایبەتمەندیی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی مەدەنیدا، کە دەتوانرێت چەند دەستەیەکی جیاواز تێکەڵ بکرێت لەگەڵیاندا، ئەوەش لە چوارچێوەی کەمینەکان. بە گوێرەی ئەم پێوەرە کە پەیوەست نییە بە ژمارەوە، بەڵکوو پەیوەستە بە ڕەوشی ماف و پێداویستییەکانەوە. بەڵام ئەم پێناسەیە ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبێتەوە، چونکە کەمینەکان دەستڕۆیشتوو و بەدەسەڵاتترن لە هەندێک لە وڵاتاندا و خاوەنی زۆرترین ئیمتیازن زیاتر لەوانەی تر، بۆ نموونە وەک کەمینە سپیپێستەکان لە ئەفەریقای باشوور و عەلەوییەکانی سووریا.

دووەم: ئاست و بیرۆکەی دووەمیان ڕەچاوی جیاکاریی ڕووکاریی کۆمەڵەکە دەکات، کە کەمینەیەکی ژمارەیی پێک دەهێنێت، جا ئەم جیاکارییە نەژادی یان ئیتنی یان ئایینی یان زمانی بێت، یاخود جیاکارییەکە پەیوەست پێت بە شێوە و ڕەنگ و کولتوورەوە. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ڕێککەوتن لە سەر پێناسەیەک چەند کارێکی قورسە کە ببێتە جێگەی ڕەزامەندیی هەموو کەمینەکان، بەڵام دەتوانرێت پشت ببەسترێت بەو پێوەرانەی کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە سەری ڕێک کەوتوون لە وەسفکردنی کەمینەکان کە لە توانایدایە زۆربەی زۆری کەمینەکان بگرێتەوە و بریتییە لە:

١. ژمارەی کەمینەکان: بە پێی ئەم پێوەرە دەبێت کەمینەکان لە بەرانبەر دانیشتووانی دیکەدا ژمارەیان کەمتر بێت کە زۆرینە پێک دەهێنن، بەڵام دەکرێت هەندێک حاڵەت هەبێت لە بەشێک لە دەوڵەتاندا، کە هیچ دەستە و گرووپێک زۆرینە پێک نەهێنێت، کەمینەکانیش لە ڕووی ژمارە و قەبارەوە لێکتر نزیک بن، یان قەبارەی کەمینەکە لەو زیادەیە بێت کە بواری پێ دەدرێت تایبەتمەندییە ناوازەکانی خۆیان پێک بهێنن. باشترە بڵێین نابێت بە پێی یاساکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت کە خۆی لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤدا دەبینێتەوە و ناکرێت هیچ کەمینەیەک ژمارەی هەر چەندێک بێت، بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی چەوساندنەوە یان خراپ مامەڵەکردن ببنەوە، پێویستە گشت تاکەکانی حوکمە گشتییەکانی مافی مرۆڤ بەدەست بهێنن.

٢. نەبوونی دەسەڵات: کاتێک کەمینەکان هیچ دەسەڵاتێکیان لە حوکمڕانیدا نابێت، لەو بارەدا پێویستیان بە پارێزگاریلێکردن دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا کەمینەی بەدەسەڵات هەیە کە هیچ پێویستی بە پارێزگاریلێکردن نییە، بەڵکوو هەندێک کەمینەی دەسەڵاتدارن و بوونەتە هۆی پێشێلکردنی ماف و یەکسانیی بنچینەیی لە کۆمەڵدا.

٣. جیاوازیی ئیتنی و نەتەوەیی: وەک باوە کەمینەکان ئایین و مەزهەب و زمانیان جیاوازترە لەو زۆرینەیەی دانیشتووانی وڵات پێک دەهێنن. بە گوێرەی هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ڕێک کەوتوون لە سەر ئەوەی هەر تاکێک لە کەمینە ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینییەکان، ژمارەیان هەر چەندێک بێت، ئەوانە هاوڵاتیی ئەو وڵاتەن کە تێیدا دەژین و پێویستە ببنە خاوەنی هەموو ماف و پێداویستییەک کە هاوڵاتییانی زۆرینە بۆیان فەراهەم کراوە.

٤. هەڵوێستە فەردییەکان: ئەندامانی کەمینەکان دوو ڕێگەیان بۆ گوزارشتکردن لە هاوڵاتیبوون و شوناسیان هەیە، یەکێکیان هاوبەشیکردنە لەگەڵ زۆرینەدا لە خواستی نەتەوەیی بۆ پارێزگاریکردن لەو تایبەتمەندییانەی دانیشتووانی دەوڵەتی پێ دەناسرێتەوە، دووەمشییان پراکتیزەکردنی بژاردەیە لە نێوان لایەنگری بۆ کەمینە، یان نەبوونی لایەنگری، هەندێک لە تاکەکان ئارەزووی یەکبوون دەکەن لەگەڵ کۆمەڵگەی زۆرینەدا.

## ٢-٣. پارێزگای هەولێر

هەولێر وەکوو شار لە ڕووی مێژووییەوە دڵی زیندووی کوردستان و جیهانە. زیندووە بەوەی کۆنترین شاری جیهانە و تا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە، خاوەنی قەڵایەکی کۆنە و یەکێکە لە کۆنترین لەم پاشماوە شوێنەوارییە باوەڕپێکراوەکانی جیهان، کە لە دامێنی "منارەی چۆلی" هەیە.

شاری هەولێر یەکێکە لە کۆنترین پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراق، وەک ناوچەکانی تری

جیهان لە ڕووی جوگرافییەوە لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی هاوسنوورە لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران و پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتییەوە، هەروەها ڕووباری زێی بچووک سنووری باشووری ڕۆژهەڵات و باشووری پارێزگاکە پێک دەهێنێت و لە پارێزگای کەرکووکی جیا دەکاتەوە. لە باکووری ڕۆژئاواش ڕووباری شین لە پارێزگای دهۆکی جیا دەکاتەوە. پارێزگای نەینەواش دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوا و بەشێکی باشووری ڕۆژئاوای پارێزگاکە و زێی گەورە لێکیان جیا دەکاتەوە. بەو پێیە ڕووبەرەکەی ژمارەی دانیشتووانی بە پێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤ سەرجەم قەزا و ناحیەکانەوە، گەیشتووەتە دوو ملیۆن و سێ سەد و نەوەد و چوار هەزار و پێنج سەد و بیست و سێ کەس (٢٣٩٤٥٢٣). بەو پێیە شاری هەولێر شارێکی فرەنەتەوەییە، واتە "کۆمەڵگەی دانیشتووانی هەولێر، کورد و عەرەبی هەولێر، تورکمانی هەولێر، مەسیحی؛ لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە قسە دەکەن'' (ناوخۆش، سەلام ، ٢٠١٠: ٤٧).

کەواتە لە شاری هەولێر زمانی کوردی وەکوو زمانی هاوبەش لە ناو ئاخێوەرانی کەمەنەتەوەییەکانی شاری هەولێرە. شاری هەولێر شارێکی فرەنەتەوەیە، چەندین نەتەوە تییدا نیشتەجێ بووە، کەواتە ئەوەندە زمانی جیاوازی تێدایە، کورد و تورک و عەرەبی و سریانیی تێدایە. شاری هەولێر لە ڕووی کارگێڕییەوە لە (١٣) قەزا پێک دێت: ئەمانەن (سەنتەری هەولێر، دەشتی هەولێر، چۆمان، مێرگەسوور، سۆران، ڕەواندز، شەقڵاوە، کۆیە، خەبات، بنەسڵاوە، مەخموور، هەریر، پیرمام، عنکاوە). لێرەدا جگە لە سەنتەری هەولێر کە تورکمانەکانی تێدا نیشتەجێن، هەریەک لە شەقڵاوە و کۆیە کە کەمەنەتەوەیی مەسیحی تێدا نیشتەجێن لەگەڵ شارۆچکەی عەنکاوە کە بە هەمان شێوە شارۆچکەی مەسیحی خۆیان بە نموونە وەردەگرین.

### ٢-٣-١. شارۆچکەی عەنکاوە

شارۆچکەیەکە سەر بە پارێزگای هەولێر، چەند کیلۆمەترێک لە ناو شاری هەولێر دوورە، لە ڕووی ئاینییەوە زۆربەی پێکهاتەی دانیشتووانی مەسیحین. گەیشتنی ئایینی مەسیحیەت بۆ عەنکاوە بۆ سەدەکانی سەرەتای زایینی دەگەڕێتەوە، لە سەرچاوە کۆنەکانی وڵاتی "حەدیاب'' هاتووە کە تۆمای پەیامبەر لە میانی تێپەڕبوون لە ڕێگاکەی بۆ هیندستان، مەسیحیەتی لە حەدیاب و وڵاتی "فرپی''یەکان بڵاو کردەوە، ئەوکات هەولێر پایتەختی دووەمی "فرپی''یەکان بوو. بە پێی بیروڕای مێژوونووسی هەولێری "شیفازەفا''، لە کتێبی "کۆرنۆلۆژیای ئەربیل''دا دەڵێت: "گەیشتنی ئایینی مەسیحیەت بۆ هەولێر لە سەردەمی 'مارئەدی' و 'مارماری'ی هەردوو قوتابی مەسیح (سەلامی خودای لە سەر بێت) بووە. یەکەم کەسیش کە لە وڵاتی 'حەدیاب' بووەتە مەسیحی، 'بەقیدا' بووە. باوکی ڕوحیی ڕاستەقینەی کڵێسەی هەولێر لە چیاکانی حەدیاب لە ساڵانی (١٠٤-١١٤ز) دەستی کرد بە گەیاندنی پەیامی ئینجیل'' (پەترۆس٢٠٠٩: ٢٤٤).

شوێنی سریانەکان دەشتی نەینەوا و شاری موسڵ و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریایە، دواتر بە هۆی شەڕ و پێکدادان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. زمانی سریانی لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی زمانی فەرمی بووە لەو ناوچانەی کەوتوونەتە ئاسیای بچووک و وڵاتی فارس (ناوخۆش٢٠١٠: ٣٧-٣٨). لە هەرێمی کوردستان ئاشووری و کلدانی

هەن کە لە هەریەک لە شارەکانی "دهۆک و هەولێر کە ئەسقەفییەکی کلدانی سەرپەرشتییان دەکەن و لە زاخۆ کلدانی و ئاشووری هەن، لە پارێزگای سلێمانی ئاشووری و کلدانی هەن" (تول٢٠١٠: ١٥٧). ژمارەی دانیشتووانی عەنکاوە بە پێی دوایین ئاماری ساڵی (٢٠٢٤) دەگاتە سی و دوو هەزار و چوار سەد و نەوەد و هەشت کەس (٣٢٤٩٨) (بڕوانە پاشکۆ).

٢-٣-٢. شاری کۆیە

قەزای کۆیە یان "کویسنجق" یەکێکە لە قەزا کۆنەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر و کەوتووەتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە. زنجیرەچیاکانی "هەیبەت سوڵتان" لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وەکوو سنوورێکی سروشتی لە شاری سلێمانی جیادەکاتەوە. زێی بچووکیش سنووری باشووری لەگەڵ پارێزگای کەرکووک و بەشێک لە شاری سلێمانی پێک دەهێنێت. بەم جۆرە ناوەڕاستی هەرێمی کوردستان داگیر دەکات. واتە ئەو قەزایە لە ڕووی کارگێڕییەوە هاوسنوورە لەگەڵ هەریەک لە شاری هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، واتە لەگەڵ یەکەی کارگێڕیی جیاوازدا هاوسنوورە، واتە قەزای کۆیە وەکوو ئەڵقە ئەو سێ پارێزگایە بەیەکەوە گرێ دەدات (کویی٢٠٠٩: ٣٦). لە ڕووی قەبارەشەوە بە کۆنترین قەزای شاری هەولێر دادەنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم قەزایە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە لە ڕووی قەبارەی دانیشتووانەکەی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر جیاواز بووە، کە بە هۆی دابەشبوونی دانیشتووان بە هەر هۆکارێک، یاخود بە هۆی کردنەوەی ناحیەی دیکەی وەکوو تەقتەق و شۆڕش گۆڕاوە، واتە کۆتا ڕێژە؛ (٨%)ی ساڵی (٢٠٠٢) بە بەراورد لەگەڵ کۆی ژمارەی ساڵانی پێشووتری.

٢-٣-٣. هەرمۆتە (أرموتە)

گوندێکی مەسیحییانە، سەر بە شاری کۆیەیە، مەسیحییەکانی کۆیە لە شارۆچکەی کۆیە کۆنتر و ناوی گوندەکەش بە ناوی ئەو کەنیسەیە ناو نراوە کە ناوی "هەرمۆتە"یە. هەرمۆتە لە ڕووی زاراوەوە پێک هاتووە لە: کلدانی بە "ارچ" دەڵێن "ئەرە"، لێرەدا دوو مانای هەیە:

١. ئەرەمووتی: عاردی مردی، گۆڕستان، یان جێی مردووان.

٢. عەرەمۆتا: بە واتای هەنارە، کاتی خۆی ڕەز و باخ هەبووە و میوەی وەک: هەنار، سێو، قەیسی زۆر تێدا بووە. مەسیحییەکانی کۆیە لە چوار بەش پێک هاتوون: عەوداڵ، تومی قصاب، حەنای بگروس، لە هەمووان کۆنتر ماڵی (ئوول = ئوو = وسو= یوسف) کە لە لای هیران هاتوون. مەسیحییەکانی هەرمۆتە لە زۆر شوێن بڵاو بوونەتەوە، وەک: (کۆیە، سلێمانی، سنە، کەرکووک، عەنکاوە، بەغداد، کەرملێس) (قەشە مەتی، چاوپێکەوتن، ١٩٧٧/١١/٣). کاتی خۆی کۆیە یەک ماڵە دیانی لێ بوو (خۆشاب کۆ)، ئەوانی تر لە (هیران، شەقڵاوە، دیانە، موسڵ) هاتوون، لە هەرمۆتە کڵێسەیان کردوو لە کۆیە کڵێسەیان نەکردووە، لە پێش ساڵانی (١٩١٣) کڵێسەیەکیان لە قوڕ دروست کرد (احمد١٩٨٣: ٧٥).

٢-٣-٤. شارۆچکەی شەقڵاوە

شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای هەولێرە، (٥٠کم) لە باکووری هەولێرەوە دوورە، خۆشترین هاوینەهەواری دەڤەرەکەیە، لە سەرەتای سەدەی بیست ناحیە بووە سەر بە قەزای کۆیە. "شەماشە

میخائیل‘‘ دەڵێت: لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینیدا ئایینی مەسیحی گەیشتووەتە ئەو دەڤەرە، ژمارەیەکی زۆری دەڤەرەکە هاتوونەتە سەر ئەو ئاینە نوێیە. لە سەرەتای سەدەی حەفتەم ئایینی ئیسلام گەیشتووەتە ئەم دەڤەرە، ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ئێزیدییەکان مێژووی بوونیان لە سەدەی چوارەمی زایینی لەم دەڤەرە بوونی هەیە کە نزیکەی (٤٠٠) ماڵ دەبوون لە دەربەندی شەقڵاوە ژیاون. لە بیستەکانی سەدەی بیستەم نزیکەی (٣٠) ماڵە جوولەکەیەک لە شەقڵاوە نیشتەجێ بوون، کە مێژووی بوونی جوولەکە لە شەقڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ ”سەرجۆن‘‘ و ”سەنحارب‘‘ی کوڕەکەی، لە فەلەستینەوە هێناویانن بەسەر شار و شارۆچکەکانی باشووردا دابەشی کردوون، دواتر بۆ جاری دووەم جوولەکەکان بۆ بابل چوونەوە، دواتر لە بابل بڵاو دەبنەوە بۆ ئێران و میزۆپۆتامیا. ژمارەیەکی زۆر لەو جوولەکانە دەبنە ئیسلام، هەندێکیان هەر لە کوردستان دەمێننەوە تا دەگەڕێنەوە وڵاتی فەلەستین (عەبدوڵا٢٠٠٩: ٣٤٢-٣٤٣).

شاری شەقڵاوە لە دێرزەمانەوە لە بەگزادە و کرمانجەکان پێک هاتووە، دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم میرەکانیش هاتنە شەقڵاوە و نیشتەجێ بوون. هەروەکوو لە پێشەوە ئاماژەی پێ کراوە، شەقڵاوە هەر لە دێرزەمانەوە بە شاری فرەئایینی و یەکتر قبوولکردن و پێکەوەژیان ناسراوە. ئەم شارە ڕێژەیەکی زۆر موسوڵمانانی تێدایە، لە سەرەتادا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ژمارەی موسوڵمانان و مەسیحیدا نەبوو. جگە لە موسوڵمان و مەسیحی، سێ خێزانی جوولەکەش لێی ژیاون (عەبدوڵا٢٠٠٩، ٣٤٦-٣٥١). چەند گەڕەکێک تایبەت بە مەسیحییەکان لە شەقڵاوە هەن، بریتین لە ”بێترمە“ و بەشێک لە گەڕەکی ”زێوەر‘‘. سریانی زمانی مەسیحییەکانە. مەسیحییەکانی شەقڵاوە کلدانین، چەندین کەسایەتیی دیاریان تێدا هەیە، قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەیە، زمانی سریانی لەو قوتابخانانەدا گرنگییەکی تایبەتی پێ دراوە و مامۆستا و وانە و کاتی بۆ دانراوە و بە وانەی سەرەکی دەژمێردرێت.

### ٣-٤. زمانی کەمینەکان

### ٢-٤-١. زمانی سریانی

ئەو زمانەی کە مەسیحییەکان پێی دەنووسن و دەخوێننەوە؛ زمانی ”سریانی‘‘یە، یان ”سورێت‘‘ بە واتای زمانی سریانیی نوێ دێت، کە لە کۆندا پێی دەگوترا ئارامی، کە نەتەوەکانی کلدانی و ئاشووری قسەی پێ دەکەن (تول٢٠١٠: ١٥٧). هەروەها هەر تەوراتیش بە زمانی سریانی وەرگێڕدراوە، خودی زمانەکەش ڕێنووسێکی گرنگی هەبووە، تەنانەت ڕێنووسی زمانی سریانی زمانی ئایینی بووە، ئەو بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ زمانی تەورات و گرنگیی زمانی سریانیی مەسیحی. لە کۆندا بە چاوێکی پیرۆز تەماشای زمانی سریانییان کردووە. هەروەها دەگوترێت ”تاتیان‘‘ یاخود ”تەتیا‘‘ یەکەم کەس بوو کە پەیمانی نوێی لە زمانی یۆنانییەوە کردووەتەوە بە زمانی سریانی، ئەمەش وای کردووە کە ئینجیل خەڵکی دیکە بهێنێتە ناو ئایینی مەسیحیەت، بەمەش زمانی سریانی بووە بە زمانێکی ئایینیی هەموو مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین هەرێمی تر لە ئاسیا و ئەفەریقا، دواتر زمانی سریانی بووە زمانێکی نێونەتەوەیی و ئایینی، واتە زمانی سریانی زۆر زوو بووە هاوشانی ئایینی مەسیحی (ناوخۆش٢٠٠٧: ٣٥).

### ٢-٤-٢. زمانی تورکمانی

نەتەوەی تورکمانی یەکێکی دیکەیە لەو نەتەوانەی کە چەندین ساڵە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن،

دووەمین نەتەوەیە بە ژمارە و ڕێژە لە سەرجەمی دانیشتووانی کوردستاندا کە پەیدابوونیان بۆ چەندین سـەدە دەگـەڕێتـەوە. پێکهاتەی تورکمان زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دیالێکتێکی زمانی تورکییە و دیالێکتێکی دیاریکراوی ئۆغزییە (سەرچاوەی پێشوو: ٩٦). زمانی تورکی سەر بە خێزانە زمانەکانی ئالتاییە، خێزانی زمانەکانی ئالتایی خاوەن سێ لقن: تورکی و مەغوولی و تونگوسین، تورکی بە باوترین لقی ئەم خێزانە دادەنرێت. ئەم لقە سەرەڕای تورکی، هەندێک لە زمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست وەکوو ئۆزبەکی، قەزاقی و قرقیزیش دەگرێتەوە (سەنەندەجی٢٠١٣: ٧٤). بێگومان هەر زمانێکیش ڕەگوڕیشەی خۆی هەیە کە "ئۆغوز لە تورکیا و ئێران و ئەزربیجان و عێراق و تورکمانستان باپیرانی تورکەکانن و ناوونانی تورکمان بۆ سەدەی یانزەیەم دەگەڕێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لـە سـەدەی دەیـەمدا بە هـۆی هـۆکاری بازرگانی، ئەوە بوو ناوی تورکمان جێگەی ئۆغزی گرتەوە" (مردان٢٠١٠: ٩٨). ژمارەیەک لە توێژەران نیشتەجێی تورکمانەکان بۆ دوو قۆناغ پۆلێن دەکەن کە ئەوانیش (ئیسماعیل و عوسمان٢٠١٢: ٨٠):

١. شەپۆلێک کە لەگەڵ سەربازە جێنشینەکانی عەباسی و ئەتابەگ و تەغرلبک و مەغۆل کە ئەوان تورکمانن.

٢. ئەوانەی کە لە ماوەی کۆنترۆڵی عوسمانی بۆ سەر عێراقدا هاتوون، کە پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەیانبەستێتەوە. ئەو کۆمەڵە تورکمانەی لە عێراق بە زمانی تورکی قسە دەکەن موسوڵمانن و لە سەددا (٨٠% بۆ ٩٠%) ی دانیشتووانی موسوڵمانی سوننەمەزهەبن، ئەو لە سەددا (١٠% بۆ ١٥%)یە کە دەمێنێتەوە؛ بیروباوەڕی عەلەوییان هەیە. بە هەمان شێوە زانیارییەکی باوەڕپێکراو نییە لە سەر پێکهاتەی ئایینی دانیشتووانە تورکمانەکان، لەوانەیە لە پاڵ سوننەکاندا نیوەی تورکمانی موسوڵمانی شیعەمەزهەب بن (جینکیز و غەنی ٢٠٠٨: ٨). گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی تورکیا و تورکمانەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژمارەی تورکمانەکان دوو ملیۆن زیاترە، واتە لە سەددای تێکڕای (٧,٥) دانیشتووانی عێراقن، هەندێکیش پێیان وایە کە سێ ملیۆنن و کە لە سەددا (١١)ی دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنن (هەمان سەرچاوە: ٨-٩).

### ٣. سیاسەت وپلانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بەزمانی کوردی وزمانەکانی تر

ە وەزارەتی پەروەردە بە تایبەت لە قوتابخانە حکومییەکاندا، هەر تاک و هەر نەتەوەیەک لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئازادە بەوەی کە بە زمانی دایک دەخوێنێت یان نا، چونکە لە پاڵ قوتابخانەی کوردیدا؛ قوتابخانەی حکومی و ناحکومی و نێودەوڵەتیی ئینگلیزی سیستمی خۆیان هەیە، بۆیە لە زۆربەی قوتابخانەکان لە پۆلی یەکی بنەڕەتی تاکوو دوانزەی ئامادەیی زمانی کوردی وەکوو بابەتێکی سەرەکی دەخوێنرێت و گرنگیی پێ دەدرێت و تا قوتابی دەگاتە خوێندنەوە و نووسین و تێگەیشتن، دواتر وانەکانی تری پێ دەخوێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە قوتابخانە سیستمی کوردییەکاندا گرنگی بە خوێندنی ئینگلیزی دەدرێت، لە پاڵ ئەمانەشدا قوتابخانەی حکومیی تورکمانی و سریانی هەن کە تایبەتن بە کەمینەی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان. لێرەدا تەنها سیستمی پەروەردەیی کەمینەکانی "تورکمانی و سریانی" لە پارێزگای هەولێر بە نموونە وەردەگرین کە هەریەک لە (عەنکاوە، کۆیە، شەقڵاوە، ناو هەولێر) دەگرێتەوە. لە عەنکاوە و کۆیە و شەقڵاوە قوتابخانەی سریانیی مەسیحییەکان هەن.

لە ناو هەولێر قوتابخانەی سریانی هەن، لە عەنکاوە (١١) قوتابخانە هەن کە زمانی سریانی وەکوو بابەتی سەرەکی تێیدا دەخوێنرێت، لە هەریەک لە بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی تێیاندا هەیە. جگە لە سریانییەکان، نەتەوەی عەرەب و تاکی موسوڵمانیش لەو قوتابخانانەدا هەن. بە هۆی ئەوەی کە قوتابی ئازادە لە چ زمانێک و لە کوێ بخوێنێت، هەندێ لە قوتابخانەکان خوێندنیان بە زمانی عەرەبییە، هەندێکیان سریانی و هەندێکیان کوردی، بەڵام زیاتریان سریانین تاکوو قۆناغی بنەڕەتی تەواو دەکەن. دواتر لە ئامادەییدا تەنها ئایینی مەسیحی دەخوێنرێ، زمانی سریانی ناخوێنرێ، قوتابخانەکان یەکلایی دەکرێنەوە بەوەی کە خوێندن بە زمانی کوردی یان عەرەبی بێت. بۆ زیاتر ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی نیشتیمانی و ئەو خولانەی دەکرێنەوە، زیاتر بەو دوو زمانەن (کوردی، عەرەبی) بەشدار بن و سوودمەند بن، جگە لەوەش خوێندنی ئامادەیی وانەکان بە زمانی سریانی کاری لە سەر نەکراوە، بەڵام قۆناغی بنەڕەتی (١-٩) هەموویان بە زمانی سریانی وانەکان بەردەستن، هەمان وانەی سیستمی زمانی کوردی، بەڵام وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سریانی.

لە ناو هەولێردا (١٥) قوتابخانەی تورکمانی هەن کە زمانی تورکی وەکوو بابەتی سەرەکی دەخوێنرێت، وانەکانی تر بە زمانی تورکی دەخوێنرێن، ئەو زمانەی پێی دەخوێنن زمانی تورکیی ئەستەنبوڵیی تورکییە، وەکوو زمانی فەرمی پێی دەخوێنرێ و دەنووسرێ. لە هەندێ لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا پۆلی کوردی و پۆلی لاتینی کراونەتەوە بۆ یارمەتیدان بۆ ئەو قوتابییانەی زمانی تورکی بە باشی نازانن، لەبەر ئەوەی جگە لە تورکمانەکانی هەولێر؛ کورد و عەرەب و سووری و... هتد؛ ڕوویان لە قوتابخانە تورکمانییەکان کردووە، بە مەبەستی حەز و ئارەزوویان بۆ فێربوونی زمانی تورکی، بە هەمان شێوە وانەکانی بە هەمان سیستمی زمانی کوردییە، بەڵام وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی تورکی.

٣-١. لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە و ئەنجام و ڕاسپاردەکان

خشتەی ژمارە (١)
خشتەی دووبارەبووەوە بۆ پرسیارە تایبەتەکان
زانیاریی گشتی

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ٩ ساڵ | ٢ | ٥٦.٠% |
| | ١٠-١٢ ساڵ | ١٥٩ | ٦٦.٤٤% |
| | ١٣-١٥ ساڵ | ٩٨ | ٥٣.٢٧% |
| | ١٦ ساڵی یان زیاتر | ٩٧ | ٢٥.٢٧% |
| | (لادانی پیوانەی ± ناوەندەژمێر) | )١٤ ± ٨٧٩.٤( | |
| زمانی دایک | کوردی | ١٨٦ | ٢٥.٥٢% |
| | سریانی | ١٢٤ | ٨٣.٣٤% |
| | عەرەبی | ٢٢ | ١٨.٦% |
| | تورکمانی | ٢٤ | ٧٤.٦% |
| لەکام پۆلیت (یان بازنەیت) | بازنەی یەکەم (٣,٢,١) | ٤ | ١٢.١% |
| | بازنەی دووەم (٦,٥,٤ ) | ١٧٣ | ٦٠.٤٨% |
| | بازنەی سێیەم (٩,٨,٧) | ٨١ | ٧٥.٢٢% |
| | بازنەی چوارەم (١٢,١١,١٠) | ٩٨ | ٥٣.٢٧% |
| ڕەگەز | نێر | ١٧٨ | ٠٠.٥٠% |
| | مێ | ١٧٨ | ٠٠.٥٠% |

خشتەی ژمارە (٢)
٣-٢. ئامانجی یەکەم: دەرخستنی پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانەی (سریانی، تورکمانی)

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| حەز دەکەی بە کام زمان بخوێنیت؟ کام زمانت خۆش دەوێت؟ | هیچ کامیان | ٥٦ | ٧٣.١٥% |
| | هەردووکیان | ١٢٩ | ٢٤.٣٦% |
| | ز (تورکمانی، سریانی)م زیاتر خۆش دەوێت. | ٦٧ | ٨٢.١٨% |
| | ز. کوردیم زیاتر خۆش دەوێت. | ١٠٤ | ٢١.٢٩% |
| دەتوانی بە زمانی کوردی بخوێنیت؟ قسەکردنت باشە؟ | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. | ١١ | ٠٩.٣% |
| | نایزانم. | ٣٠ | ٤٣.٨% |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | ٨٨ | ٧٢.٢٤% |
| | دەیزانم. | ٢٢٧ | ٧٦.٦٣% |

شیکارکردنی کارەکییانەی ئامانجی یەکەم، بابەتی کوردی وەکوو زمانی دووەم، زمانی سریانی و تورکمانی وەکوو زمانی یەکەم، بە گوێرەی ئەو دەیتایانە سەرەنجام دەگەینە ئەوەی لە کۆی(٣٥٦) فـۆڕم لـە پرسیـاری "حـەز دەکـەی بە کـام زمـان بخوێنیت و کام زمانت خۆش دەوێت؟ (٥٦) قوتابی، واتـە (١٥.٧٣٢%) حـەزیـان بە هیچ زمـان نەبوو، (١٢٩) فۆڕم واتە (٣٦.٢٤%) حەزیان بۆ هەردوو زمـان هەبوو، (٦٧) فـۆڕم واتـە (١٨.٨٢%) زمانی زگماکیی خۆیان (زمانی یەکەم) خۆش دەویست، (١٠٤) فۆڕم واتە (٢٩.٢١%) تەنها حەز بە زمانی کوردی دەکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕێژەکە بۆ زمانی کوردی کەمە، بەڵام هەروەک دەردەکەوێت قوتابییان حەز بە کۆزانیاریی هەردوو زمان دەکەن. سەبارەت بە پرسیاری دووەم، لە ئەنجامی یەکەم لە کۆی (٣٥٦) فۆڕم، سەبارەت بە پرسیاری "دەتوانی بە زمانی کوردی بخوێنیت و قسەکردنت باشە؟"، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە (١١) فۆڕم، واتە لە (٣.٠٩%) نایزانیَ بە هیچ شێوەیەک، (٣٠) فۆڕم نایزانێت، واتە لە (٨.٤٣%)، وە لە (٨٨) فۆڕم تا ڕادەیەک دەیزانی، واتە لە (٢٤.٧٢%) بە (٢٢٧) فۆڕم دەیزانن، واتە لە سەددا (٦٣.٧٦%). دەتوانین (٨٨ + ٢٢٧) کۆ بکەینەوە و ڕێژەکەی زیاد دەبێت، واتە لێرەدا ئاستی تێگەیشتنی قوتابی بە زمانی کوردی لە ئاستێکی زۆر باشدایە. گرنگیی قوتابییان سەبارەت بە زمانی دووەم (کوردی)، لە ئاستێکی باڵادایە و کاریگەریی لە سەر کەمەنەتەوەیی شاری هەولێر هەبووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە هەوڵی زانینی زمانی کوردیدا بین.

خشتەی ژمارە (٣)

٣-٣. ئامانجی دووەم: ئاستی تێگەیشتنی قوتابییان لە خوێندن بە زمانی کوردی

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟ قسەکردنت باشە؟ | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. | ١١ | ٠٩.٣% |
| | نایزانم. | ٣٠ | ٤٣.٨% |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | ٨٨ | ٧٢.٢٤% |
| | دەیزانم. | ٢٢٧ | ٧٦.٦٣% |
| لە کاتی قسەکردن وشەی تورکمانی یان سریانی بەکار دەهێنیت؟ | هیچ کامیان | ٤٠ | ٢٤.١١% |
| | هەردووکیان | ١٣٤ | ٦٤.٣٧% |
| | کوردی | ١٢٢ | ٢٧.٣٤% |
| | سریانی، تورکمانی | ٦٠ | ٨٥.١٦% |

شیکارکردنی کارەکییانەی ئامانجی دووەم سەبارەت بەوەی کە "دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت و قسەکردنت باشە"، بە سەرنجدان لە خشتەکە، ئەوا لە کۆی (٣٥٦) قوتابی، (١١) قوتابی واتە لە (٣.٠٩%)، بە هیچ شێوەیەک نایزانن.

| | | | زمانی دایک | | | | Total | نرخی کاڵای سکوێر | p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | کوردی | سریانی | عەرەبی | تورکمانی | | | |
| حەز دەکەیت بە کام زمان بخوێنیت؟ کام زمادت خۆش دەوێت؟ | هیچ کامیان هەردووکیان | دووبارە | ١٣ | ٢٠ | ٢١ | ٢ | ٥٦ | ١٤٢.<br>٦٧٣ | ٠.٠٠٠ |
| | | ڕێژە | %٠.٧ | ١.١٦ % | %٥.٩٥ | %٣.٨ | ٧.١٥ % | | |
| | ز(تورکمانی، سریانی)م زیاتر خۆش دەوێت. ز. کوردیم زیاتر خۆش دەوێت. | دووبارە | ٧٢ | ٤٩ | ٠ | ٨ | ١٢٩ | | |
| | | ڕێژە | ٧.٣٨ % | ٥.٣٩ % | %٠.٠ | %٣.٣٣ | ٢.٣٦ % | | |
| | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. نایزانم. | دووبارە | ٣١ | ٢٣ | ٠ | ١٣ | ٦٧ | | |
| | | ڕێژە | ٧.١٦ % | ٥.١٨ % | %٠.٠ | %٢.٥٤ | ٨.١٨ % | | |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | دووبارە | ٧٠ | ٣٢ | ١ | ١ | ١٠٤ | | |
| | | ڕێژە | ٦.٣٧ % | ٨.٢٥ % | %٥.٤ | %٢.٤ | ٢.٢٩ % | | |
| دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟ قسەکردنت باشە؟ | هیچ کامیان هەردووکیان | دووبارە | ٤ | ٣ | ٢ | ٢ | ١١ | ٨٧.<br>٤٥٩ | ٠.٠٠٠ |
| | | ڕێژە | %٢.٢ | %٤.٢ | %١.٩ | %٣.٨ | %١.٣ | | |
| | ز (تورکمانی، سریانی)م زیاتر خۆش دەوێت. ز. کوردیم زیاتر خۆش دەوێت. | دووبارە | ٤ | ١٤ | ١٠ | ٢ | ٣٠ | | |
| | | ڕێژە | %٢.٢ | ٣.١١ % | %٥.٤٥ | %٣.٨ | %٤.٨ | | |
| | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. نایزانم. | دووبارە | ٢٩ | ٤٨ | ٦ | ٥ | ٨٨ | | |
| | | ڕێژە | ٦.١٥ % | ٧.٣٨ % | %٣.٢٧ | %٨.٢٠ | ٧.٢٤ % | | |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | دووبارە | ١٤٩ | ٥٩ | ٤ | ١٥ | ٢٢٧ | | |
| | | ڕێژە | ١.٨٠ % | ٦.٤٧ % | %٢.١٨ | %٥.٦٢ | ٨.٦٣ % | | |

(٣٠) قوتابی واتە (٨.٤٣%) نایزانن و (٨٨) قوتابی واتە (٢٤.٧٢%) تا ڕادەیەک دەیزانن و (٢٢٧) قوتابی واتە (٦٣.٧٦%) دەیزانن، لێرەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە قسەکردن بە زمانی کوردی لە ناو نەتەوەی تورکمانی و سریانی لە ئاستێکی زۆر باشدایە، ئەمەش کاریگەریی ئاشکرای پەروەردەی جووتزمانی دەسەلمێنێت لە ماڵەوە و قوتابخانە و ژینگەدا، واتە لە پاڵ زمانی دایکدا زمانی کوردی وەکوو زمانی هاوبەش و فەرمی و زمانی زۆرینەی شاری هەولێر پەراوێز و فەرامۆش نەکراوە.

سەبارەت بە پرسیاری "لە کاتی قسەکردنت وشەی تورکمانی یان سریانی بەکار دەهێنیت؟"، بە سەرنجدان بە خشتەکە گەیشتین بەو ئەنجامەی کە لە کۆی (٣٥٦) فۆرم، (٤٠) فۆرم، واتە لە (١١.٢٤%) هیچ وشەیەک بەکار ناهێنن. (١٣٤) فۆرم، واتە (٣٧.٦٤%) وشەی سریانی یان تورکمانی بەکار دەهێنن و (١٢٢) فۆرم واتە (٣٤.٢٧%) زمانی کوردی بە بێ هیچ وشەیەک بەکار دەهێنن، واتە زمانێکی پاراوە و (٦٠) فۆرم واتە لە (١٦.٨٥%) تەنها زمانی سریانی و تورکمانی بەکار دەهێنن، لێرەدا ئەمەش کاریگەرییەکی ئاشکرای پەروەردەی جووتزمانییە، کە کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ڕێژەی زمانی کوردی کردووە، واتە لەو قوتابخانانە کە پێڕەوی جووتزمانی کاریگەریی لێ کەوتووەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤)

٣-٤. بەراوردکردنی وەڵامی هەریەکە لە پرسیارەکانی "حەز دەکەی بە کام زمان بخوێنیت؟" و "دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟"، لەگەڵ جیاوازیی زمانی دایک.

ئامانجی ئەم بەراوردکردنە یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی پەروەردەی جووتزمانی دەبێتەوە، کە بەراوردی زمانی دایک لەگەڵ هەریەک لە پرسیارەکانی "حەز دەکەی بە کام زمان بخوێنیت؟ و کامەت خۆش دەوێت؟". هەروەک لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە گرنگیی زمانی دایک و کاریگەرییەکانی کراوە، لەم خشتەیەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەریەک لە زمانی کوردی و سریانی و تورکمانی کاریگەریی ئەرێنییان بەسەر ڕێژەکانەوە هەیە، ئەوانەی کە زمانی دایکییان ئەو سێ زمانە بێت (کوردی، تورکمانی، سریانی)، ئەوا حەزی زمانی کوردی و خۆشەویستیی زمانی کوردی ڕێژەیان لە بەرزبوونەوەدایە، کە ئەمەش کاریگەریی زمانی دایک و خۆشەویستیی هەریەک لە نەتەوەی تورکمان و سریان بەراورد بە زمانی کوردی دووپات دەکاتەوە و بە هەمان شێوە پرسیاری "دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟، قسەکردنت باشە؟" بەرانبەر بە زمانی دایک، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەوانەی دایکیان کوردە، (٨٠.١%) دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و قسە بکەن. وە ئەوانەی زمانی دایکییان سریانییە، (٤٧.٦%) دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و قسە بکەن. ئەوانەی زمانی زگماکییان (یەکەم) زمانی تورکمانییە، ئەوا لە (٦٢.٥%) دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و قسە بکەن، ئەمەش دووپاتکردنەوەی زمانی بەرامبەر بە (زمانی دایک) یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردی و دڵنیابوون و دەستەبەرکردنی ئاسایشی فرەزمانی کە خۆشەویستییان بەرامبەر بە زمانی هاوبەش (کوردی) هەیە کە ئەمەش بە فێربوون و توانای قسەکردن ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات.

## ئەنجام

پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە سریانی و تورکمانییەکان تا ڕادەیەک کاریگەریی نەرێنیی دروست کردووە. بە پێی دەیتا و زانیارییەکان، زمانی کوردی لە قوتابخانە تورکمانی و سریانییەکان لە ئاستێکی زۆر باشدایە و کاریگەریی لە سەر پێکهاتەکانی شاری هەولێر هەبووە. ئەو قوتابییانەی کە دوو زمان دەزانن، واتە کاریگەریی جووتزمانی وا دەکات قوتابی گەشەی زانیاریی زمانی کوردیی دوا بکەوێت، ئەمەش وا نەبێت کە زمانی کوردی نەزانن و لەبیر بکەن، بەڵام پێشکەوتنی زمان دەستەبەر ناکرێت. زمانی کوردی لە شاری هەولێردا وەک زمانی هاوبەش لە ناو ئاخێوەرانی کەمەنەتەوەییەکانی شاری هەولێردا گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، کە شاری هەولێر وەکوو کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی چەندین نەتەوە و زمانی تێدایە، وەکوو: کورد، تورک، عەرەب، سورێت. ئەو زمانەی کە مەسیحییەکان پێی دەنووسن و دەخوێننەوە؛ زمانی سریانییە یان "سورێت"، بە واتای زمانی سریانیی نوێ دێت، کە لەکۆندا پێی دەگوترا ئارامی، نەتەوەکانی ئاشوور و کلدانی قسەی پێ دەکەن. زمانی دایک یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردی و دڵنیابوون و دەستەبەرکردنی ئاسایشی فرەزمانی، کە خۆشەویستییان بەرامبەر بە زمانی هاوبەش (کوردی) هەیە، کە ئەمەش بە فێربوون و توانای قسەکردن ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات. ئاستی تێگەیشتنی قوتابی بە زمانی کوردی لە ئاستێکی زۆر باشدایە، گرنگیی قوتابییان سەبارەت بە زمانی دووەم (کوردی) لە ئاستێکی باڵادایە و کاریگەریی لە سەر کەمەنەتەوەیی شاری هەولێر هەبووە، بووەتە هۆی ئەمە کە لە هەوڵی زانینی زمانی کوردیدا بین.

## سەرچاوەکان


بە کوردی

- بەرهەمی دەزگای زمانەوانیی کوردی (٢٠٢٤)، زمانی دایک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- پەترۆس، نوری ، (٢٠٠٩)،شەقڵاوە، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی شەشەم مێژوی کۆن، بەیروت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، بەیروت.
- جبوری،موسلیح خزر، وەرگێڕانی: هەڵگورد جەلال (٢٠١٧)، ڕۆڵی سیاسیی کەمینەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- حەمەڕەشید، ئارام عەبدولواحید (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- حوێزی، طاهر احمد (١٩٨٤)، مێژوی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی لخیر، بەغدا.
- حەمەغەریب، شاڵاو ساڵح (٢٠١٧)، پێگە و پایەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
- دڵشاد حامید دەرویش، کەمینەکان، یاسا، هەرێمی کوردستان، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٧.
- سەرتاش، زرار عەبدوڵلا (٢٠٠٩)، شەقڵاوە ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی شەشەم مێژوی کۆن، بەیروت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، بەیروت.
- سەنەندەچی، مەهدی (٢٠١٣)، بەراییەک بۆ زماننناسی مێژویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- شەریف، بێریڤان محەمەد (٢٠١٠)، جۆراوجۆریا ل دەڤەرا بەهدینان، زمانێ پیشەیی وەک نموونە، نامەی ماستەر زانکۆی دهۆک
- شوانی، ڕەفیق (٢٠٠٨)، زمانی کوردی شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

– عەبدوڵا، ڕۆژان نووری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

– عەلی، تالیب حسێن (٢٠٠٥)، تیۆری سیاقی و شیکردنەوەی واتە لە زمانی کوریدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (٢٥)، هەولێر.

– غەفوور، عەبدوڵا (٢٠١٠)، ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیریز، دهۆک.

– فەتاح، محەمەد مەعرووف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– فەتاح، محەمەد مەعرووف (١٩٦٨)، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ، ژ(١١٢)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحريه للطباعه، بغداد.

– محمد، مسلم حسن (٢٠٢١)، هزری پەروەردەیی لە پراگماتیکی جۆن دیودا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

– محەمەدئەمین، ئەمیر محەمەد (٢٠٢٢)، زمانی هاوبەش لە کۆزمانەوانیدا، هەرێمی کوردستان بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

– محەمەد، خەلیل ئیسماعیل و م. ی. سەعید، تەنکە عوسمان (٢٠١٢)، جوگرافیای نەتەوەکان کورد وەکوو نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

– مستەفا، عیرفان (٢٠١٨)، بوونی نەتەوەی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، بێ شوێن.

– مەنوچەهر موحسنی (٢٠٠٧)، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕێبوار سیوەیلی و هەندێکی تر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

– ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٧)، ئایین و زمانناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ....، هەولێر.

– ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

– نەبەز، جەمال (١٩٨٤)، بیری نەتەوەی کورد نە بیری قەومی ڕۆژهەڵاتییە، نە بیری ناسیۆلیزمی ڕۆژئاواییە، چاپخانەی ئازاد، ستۆکهۆلم.

– هێنلە، پۆل (٢٠٠٦)، زمان، هزر، کولتوور، وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر)، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان.

– ئەمین، وریا عومەر (د) (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

–پرۆژە دەستووری هەرێمی کورستان(٢٠٠٩)،چاوپێکەوتن: نەژدەت ئاکرەیی (٢٠٢٢).

به عەرەبی

– أيوب، عبدالرحمن (د.) (١٩٩٦)، محتضرات في اللغة، مطبعة المعارف، بغداد.

– تول، هرمان (٢٠١٠)، الكلدو اشوريون مسيحيو العراق وايران وتركيا، ترجمة: الأب ألبير أبونا، شركة الطيف للطباعة المحدودة، اربيل.

– جوليد، ژيان ، تحقيق حقوق الاقليات، رسالة ماجستير، كولون، الاينا، ٢٠٠٤.

– حجازي، محمود مهمي (١٩٧٣)، علم اللغة العربية، مدخل تاريخ مقارن في ضوء التراث واللغات السامية الناشر وكالة الطبوعات، الكويت.

– عبدالتواب، رمضان (١٩٨٥)، المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، الطبعة الثانية، مكتبة الخانجي للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة المدينتى المؤسسة السعودية بمصر.

– مـردان، نصرت (٢٠١٠)، الصماقة التركمانية في العراق بين القرنين (١٩١١-٢٠٠٦)، الطبعة الاولى، الناشد مؤسسة وقف كركوك، الطباعة و التجليد ”YAYLACIK MATBAA CITI“، ئەستەنبوڵ.

– مرعي، فؤاد (٢٠٠٢)، في اللغة والتفكير، دار الموى للثقافة والنشر، دمشق.

– نجم الدين، كرخى التي برماغ (٢٠١٢)، المواطنة الصالحة واثرها في تقدم المجتمع العراقي (اقليم كوردستان نموذجا، الطبعة الاولى، مطبعة ئاراس، اربيل، كوردستان.

– هدسون (١٩٩٠)، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة: محمود عياد (د.)، الطبعة الثانية، الناشر علم، القاهرة.

– يوحناياقو، منى ، مبدأ كريم التمييز، دراسة مقارنة بين الحكوك الدولية لحقوق الانسان و الدساتير العراقية، بحث منشور في مجلة القانون و السياسة، اثافته، العدد٨، كتنون الاول، ٢٠١٠.

-Charlotte Living stone. 2008. Secondedition, Oxford Dictionnaries, Newyork.

-Ferguson , ch , a.c . 1996. Sociolimgaistics Perspectitives, papers on Language in society edited by Thom buebner, Ocford university press, Newyork Oxford.

- unich Ammon1989.

- www.vottawa.ca-clms loffcial - Language - Status.

– www.merrian-webster.com- directionary statue.

- http--www,fa.wjmirae.net.

- www.astp.cerist.dz-en-article

ملخص

هذا البحث تحت عنوان (وضع اللغة الكوردية في المدارس الغير كوردية في محافظة اربيل) المدارس التوركمانية والسريانية على سبيل المثال . رسالة ماجستير مقدمة إلى قسم اللغة الكوردية والغرض من هذا البحث معرفة ومتابعة وضع اللغة الكوردية والعلاقات الاجتماعية والثقافية والقومية والدينية في المحافظة.

خاصة في المدارس التي تدرس فيها اللغة الكوردية كلغة ثانية لا كلغة الأم. لأن اللغة الكوردية لها مكانة بارزة في هذه المحافظة . لان اللغة ظاهرة اجتماعية وثقافية حسب الناطقين بها واحتياجاتهم لها. وحسب مستواهم المعرفي وفهمهم المرحلي وأهمية وطريقة تعاملهم مع اللغة، وإلى أي مدى (التوركمان والسريان) ضمن لهم خطة اللغة الكوردية في المحافظة و في الأقليم بشكل عام دون المساس وتهميش بهويتهم وثقافتهم اللغوية في مجتمع متعدد اللغويات.وعند(التوركمان والسريان) الكوردية هي اللغة الثانية بعد لغتهم ، وهذا الموضوع في المراكز العالمية موضوع بحث ودراسة . لانها تقربنا إلى فهم و تحديد مشاكل الاقليات وتعد باباً من أبواب حل هذه المشاكل وتقربنا إلى نمو أفضل للتربية واللغة معا .

Abstract

The research study titled “The Status of the Kurdish Language in Non-Kurdish Schools in Erbil: The Case of Syriac and Turkoman Schools” is derived from a Master’s thesis submitted to the Department of Kurdish Language. The study aims to examine and assess the status of the Kurdish language and its sociocultural, linguistic, national, and religious significance in Erbil Governorate, particularly within schools where Kurdish is taught as a second language rather than a mother tongue. The Kurdish language holds a prominent position in Erbil, functioning as a socio-cultural phenomenon shaped by the usage, need, and proficiency of individual speakers. The study also explores the extent to which Kurdish language planning in the Kurdistan Region accommodates Turkomans and Assyrians, ensuring the protection of minority groups and supporting multilingualism without marginalizing their linguistic identities. For Turkomans and Assyrians, the Kurdish language is a second language not the mother language. This is an important aspect in the world, they have discussed it because understanding their problems and identifying them is a step to solving them, leading to more development in language and education.

Keywords: Education, Kurdish Language, Minorities, Syriac, Turkomans